مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# أسباب انتهاك سيادة إقليم كوردستان- العراق (دراسة تحليلية)

**يوسف قادر حمد**
**كلية القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، أقليم كردستان- العراق**
**101238177039@soran.edu.iq**

**أ.م.د. شاري خالد معروف**
**قسم القانون، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، أقليم كردستان- العراق**
**sharee.marouf@soran.edu.iq**

**الكلمات المفتاحية**: السيادة، إقليم كردستان، القانون الدولي، مكافحة الإرهاب وحقوق الإنسان، الأسباب

**كيفية اقتباس البحث**

حمد , يوسف قادر , شاري خالد معروف , أسباب انتهاك سيادة إقليم كوردستان– العراق (دراسة تحليلية) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

# Reasons for violating the sovereignty of the Kurdistan Region of Iraq (An Analytical Study)

**Yousif Qader Hamad**
**Faculty of Law, Political Sciences and Administration, Soran University, Kurdistan region-Iraq**
**101238177039@soran.edu.iq**

**Assistant Professor Dr. Sharee Khalid Marouf Nanakaly**
**Faculty of Law, Political Sciences and Administration, Soran University, Kurdistan region-Iraq**
**sharee.marouf@soran.edu.iq**

**Keywords** : Sovereignty, Kurdistan Region, International Law, Counterterrorism and Human Rights, Causes.

**How To Cite This Article**
Hamad , Yousif Qader , Sharee Khalid Marouf Nanakaly ,Reasons for violating the sovereignty of the Kurdistan Region of Iraq (An Analytical Study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines the reasons for the violation of the sovereignty of the Kurdistan Region of Iraq by Turkey and Iran within a legal, political, and geopolitical framework. The first section defines sovereignty in constitutional and international law and outlines its territorial, political, and legal manifestations as reflected in the Iraqi federal constitution and its regulation of the Region's status. The second section presents the main doctrinal theories of sovereignty and explains their impact on determining

the position of the Kurdistan Region within the federal structure and on the allocation of powers concerning the administration of the Region, its borders, and its resources. The third section analyses the political, military, and treaty-based motives invoked by Turkey and Iran to justify their interventions, and assesses the compatibility of these actions with the principles of non-intervention and the prohibition on the use of force in international law, concluding that their continued occurrence undermines the core of Iraqi sovereignty and weakens the federal model in the Region. To reach a scientific conclusion, this study relies on analytical methods, through collecting data and information, analyzing constitutional texts related to this subject and comparing them with the principles of general international law, as well as based on the opinions of scholars in international and constitutional law.

In terms of time, this study focuses on the period after the enactment of the Iraqi Constitution in 2005 and in terms of location is devoted to the Iraqi Kurdistan Region as part of the federal territory of Iraq.

This paper consists of three parts except the introductory and concluding parts. The first part discusses the concept of sovereignty, the second part discusses the theories of sovereignty and the third part discusses the reasons for the aggression against the territory of the Kurdistan Region. Then it ends with consequences and violations.

**ملخص**

يتناول هذا البحث أسباب انتهاك سيادة إقليم كوردستان – العراق من قبل تركيا وإيران، في إطار رؤية قانونية-سياسية وجيوسياسية. يعرّف المبحث الأول السيادة في القانون الدستوري والدولي، ويبيّن مظاهرها الإقليمية والسياسية والقانونية كما عكسها الدستور العراقي الاتحادي وتنظيمه لمركز الإقليم. يعرض المبحث الثاني أهم النظريات الفقهية للسيادة، ويوضح أثرها في تحديد موقع إقليم كوردستان داخل البنية الاتحادية وتوزيع الاختصاص بشأن إدارة الإقليم وحدوده وموارده. أما المبحث الثالث فيحلّل الدوافع السياسية والعسكرية والتعاقدية التي تستند إليها تركيا وإيران في تدخلاتهما، ويفحص مدى انسجام هذه الأفعال مع مبادئ عدم التدخل وحظر استخدام القوة في القانون الدولي، ليستنتج أن تكرارها يمس جوهر السيادة العراقية ويضعف النموذج الاتحادي في الإقليم.

للوصول إلى استنتاج علمي، تعتمد هذه الدراسة على مناهج تحليلية، من خلال جمع البيانات والمعلومات، وتحليل النصوص الدستورية ذات الصلة، ومقارنتها بمبادئ القانون الدولي العام، بالإضافة إلى آراء علماء القانون الدولي والدستوري.

من حيث الإطار الزمني، تركز هذه الدراسة على الفترة التي أعقبت إقرار الدستور العراقي عام ٢٠٠٥، ومن حيث الموقع الجغرافي، تُعنى بإقليم كردستان العراق باعتباره جزءًا من الأراضي الاتحادية للعراق.

تتألف هذه الورقة من ثلاثة أجزاء، بالإضافة إلى المقدمة والخاتمة. يناقش الجزء الأول مفهوم السيادة، ويتناول الجزء الثاني نظريات السيادة، بينما يناقش الجزء الثالث أسباب العدوان على أراضي إقليم كردستان. ويختتم الجزء الثالث بنتائج هذا العدوان وانتهاكاته.

## هۆكارەكانی پێشێلكردنی سەروەری خاكی هەرێمی كوردستان _عێراق (توێژینەوەیەكی شیكارییە)

**يوسف قادرحمد**
**(بەشی یاسا، فاكە لتی یاسا و زانستە سیاسییە كان و بە ریوە بردن زانكوی سوران، هەرێمی كوردستان- عیراق)**
101238177039@soran.edu.iq

**پ. ی.د. شاری خالد معروف**
**(بەشی یاسا، فاكەلتی یاسا و زانستە سیاسییە كان و بە ریوە بردن زانكۆی سوران، هەرێمی كوردستان- عیراق)**
sharee.marouf@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە هۆكارەكانی پێشێلكردنی سەروەری هەرێمی كوردستان - عێراق لەلایەن توركیا و ئێرانەوە دەخاتە بەر باس، لە چوارچێوەی دیدێكی یاسایی و سیاسی و جیۆسیاسیدا، بەشی یەكەم سەروەری لە یاسای دەستووری و نێودەوڵەتیدا پێناسە دەكات، و دەركەوتنە هەرێمی و سیاسی و یاساییەكانی روون دەكاتەوە، وەک دەستووری هەمیشەی عێراق رەنگدانیەوەی و رێكخستنی بۆ پێگەی هەرێم، بەشی دووەم گرنگترین تیۆرە فیقهییەكانی سەروەری دەخاتەروو، و ئەو كاریگەرییانەی كە لە دیاریكردنی شوێنی هەرێمی كوردستان لەناو پێكهاتە هاوپەیمانییەكە و دابەشكردنی تایبەتمەندی لەبارەی بەرێوەبردنی هەرێم و سنوورەكانی و سامانەكانییەوە روون دەكاتەوە، بەشی سێیەمیش پاڵنەرە سیاسی و سەربازی و گرێبەستییەكان شی دەكاتەوە كە توركیا و ئێران پشتیان پێ دەبەستن لە دەستێوەردانەكانیاندا، و رادەی یەكگرتنی ئەم كردارانە لەگەڵ بنەماكانی دەستێوەردان نەكردن و قەدەغەكردنی بەكارهێنانی هێز لە یاسای نێودەوڵەتیدا پشكنین دەكات، بۆ ئەوەی دەرئەنجام بدات كە دووبارەكردنەوەی ئەم دەستدرێژیانەی دەكرێتە سەر سەروەری عێراق و لاوازكردنی هەرێم لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ

**وشە سەرەكییەكان** :سەروەری، هەرێمی كوردستان، یاسای نێودەوڵەتی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مافی مرۆڤ،

### پێشەكی:

چەمكی سەروەری یەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، وەک بنەمایەک بۆ رێكخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و پاراستنی سنوورەكانیان دادەنرێت، لەم میانەیەدا، هەرێمی كوردستان وەک قەوارەیەكی یاسایی گرنگ لە

چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، بەهۆی پێگە جیۆپۆڵەتیکەکەیەوە، بەردەوام ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئەمنی و سەربازی بووەتەوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە.

ئەم توێژینەوەیە باس لە دیاریکردنی هوکارەکانی سەرپێچی کردن و دەستدرێژی و پێشێلکاریەکانی سەروەری هەرێمی کوردستان دەکات لە لایەن هەریەک لە دەوڵەتی تورکیا و ئێران، ڕەهەندە یاسایی و سیاسی و جیوپولیتیەکان دەخاتە روو ئەمە لە لایەک وە پاساوا نایاسایەکانی هەریەک لەم دوو دەوڵەتە دەخاتە روو لە ڕەوانگەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی

## گرنگیی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە بابەتێکی هەستیار دەکات کە پەیوەستە بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و سەقامگیریی ناوچەکە، ئەم بابەتە تەنها پەیوەست نییە بە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی یاسایی و نێودەوڵەتی هەیە، چونکە لاوازیی هەڵوێستی نێودەوڵەتی یان بوونی ئاراستەی جیاواز، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مانەوە و بەهێزیی چەمکی سەروەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت، هەروەها گرنگییەکەی لە دەرخستنی ئەو بۆشاییە یاسایی و سیاسییانەدایە کە وڵاتانی هەرێمی دەیقۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانیان.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی هۆکارەکانی پێشێل کردنی سەروەری هەرێمی کوردستان وەک قەوارەی دەستووری کە هەرێمێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، وەهەروها دەست نیشانکردنی ئەم پاساوانەی کە هەریەک لە دەوڵەتی تورکیا و ئێران پشتی پێدەبەستن بو دەست درێژیەکانیان بە بەراورد کردنیان لە گەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی.

### پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئەم پرسیارانە وەڵام دەداتەوە:

١- ئایە سەروەریی چییە و بناغەی یاساییەکەی چییە؟

٢- ئایا هۆکارە راستەوخو و ناراستەوخو کان چین کەوا دەکات دەوڵەتی تورکیا و ئێران سەروەری هەرێمی کوردستان- عێراق پێشێڵ دەکەن؟

ئایا پاساوی یاسایی هەریەک لە تورکیا و ئێران چین بو ئەم دەستدرێژیانەی ئەنجامی دەدەن ؟

٣- تا چەند ئەم دەستدرێژانە هاوران لە گەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پرنسیپی سەروەری و تدخل نەکردن؟

## ئامانجی توێژینەوە

لێکۆڵینەوەکە ئامانجی ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆری و زانستیانە بۆ چەمکی سەروەری شی بکاتەوە، وەک لە فیقهی دەستووری و نێودەوڵەتیدا هاتووە، و ڕوون بکاتەوە کە چۆن لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ ئاشکراکردنی پاڵنەرە سیاسی و یاسایی و جیۆسیاسییەکان کە لەپشت پێشێلکاریە تورکی و ئێرانییەکانەوەن، و هەڵسەنگاندنی ڕادەی یاسایی بوونیان لە ژێر ڕەوشنای یاساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و دەستووری عێراقیدا، هەروەها لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدات دیدێکی ڕەخنەیی پێشکەش بکات کە ببێتە هۆی دەرخستنی چارەسەرە یاسایی و سیاسییەکان کە پاراستنی سەروەری عێراق لە هەرێمی کوردستاندا بەهێز دەکەن.

## میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی زانستی، ئەم توێژینەوەیە پشت دەبستیت بە میتۆدی شیکاری، ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری وشیکردنەوەی دەقە دەستووریەکانی پەیوەست بەم بابەتەو و بەراوردکردکیان لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەولەتی گشتی هەروەها بە پشت بەستن بە ڕای زانایانی بواری یاسای نێودەولەتی و دەستووری.

**سنووری توێژینەوە:** لەرووی زەمانی ئەم توێژینەوە تیشك دەخاتە قوناغی دوای دەرچوونی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ و لە رووی شوێنەوە تەرخانکراوە بە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك بەشێك لە خاکی عێراقی فیدرال و لەرووی بابەتیەوە ئەم توێژینەوە پێشێکاری سەربازی وتەناهی و ئەوی پێوەستە بەرەهەندی سیاسی و یاسای و جیوسیاسی باس دەکات.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سێ بەش جگە لە بەشەکانی پێشەکی و کۆتایی، لە بەشی یەکەمدا باسی چەمکی سەروەری دەکرێت، لەبەشی دووەم باسی تیۆرییەکانی سەروەری و لە بەشی سێیەم باسی هۆکارەکانی دەستدرێژی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکەین. دواتر بە دەرەنجام و پێشێلکاریەکان کوتای دێت.

## ماهیەتی سەروەری

سەروەری یەکێکە لە پرس و باسە گرنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری، کە بە درێژایی مێژوو لە چوارچیوەی هزری یاسایی وەك بابەتێکی مشتومڕهەڵگر لێکۆڵینەوەی لەبارەی کراوەو تاوەکو ئێستاش ڕای جیاوازی لەسەرە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی سەردەمی جیهانگیری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، و هەروەها هاتنەکایەوەی ژێری دەستکرد، هەموو ئەمانە بونەتە فاکتەری دووبارە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە بارەی چەمکی سەروەری، بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەشەی توێژینەوە دابەشی دوو باسی دەکەین، لە باسی یەکەمدا باس لە پێناسەی سەروەری، باسی دووەمیش تایبەت دەکەین بە جۆرەکانی سەروەری.

## پێناسەی سەروەری

بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ماناو پێناسەی سەروەری، پێویستە لە سەرەتادا لەڕوانگەی زەمانەوانییەوە پێناسەی بکەین، دواتر لەڕوووی دەستەواژەوە پێناسە جیاجیاكان دەخەینەڕوو.

## مانای سەروەری لە رووی زەمانەوانی:

لەڕووی ڕیشەناسییەوە (*Etymology*)، چەمکی سەروەری بۆ سەدەی سێزدەی زاینی دەگەڕێتەوە کە لە چەمکی (*superānus*) لاتینییەوە وەرگیراوە و وەك سەرۆك، باڵا، بەرز یاخود باڵادەست گوزارشتی لێکراوە، دواتر لەڕێگەی زمانی فەرەنسییەوە لە سەدەی چواردەیەمی زاینی گواستراوەتە بۆ نێو زمانی ئینگلیزی و وەك دەسەڵاتی باڵا یاخود دەسەڵاتی سەرووەر بەکارهێنراوە (*Online Etymology Dictionary, 2025*). لە زمانی عەرەبیشدا؛ چەمکی (سەروەری) بنەچەیەکی زمانەوانی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (سود) بە واتای شەرەفێکی گەورە، وە بە تاك (سادة) فرە، بە (سادهم) دەوترێت ئاغا (محمد بن أبي بکرعبدالقادرالرازي ،١٩٨٣ل٣٢٠). لە فەرهەنگی کوردیدا، پێناسە و مانای سەروەری بە واتای گەورەیی، پایەبەرزیی هاتووە (مجید ماشانی، ٢٠٠٨، ل٥١٨).

بەشێوەیەکی گشتی، دوای خستنەڕوو و لێکۆڵینەوە لە ڕیشە و مانای چەمکی سەروەری لەڕووی زمانەوانییەوە، بەو دەرەنجامە دەگەین کە سەروەری لە گشت زمان و فەرهەنگە

جیاوازەکان مانای نزیك لە یەکتر دەگەینن، کە بریتییە لە باڵا دەستی دەسەڵات یاخود دەوڵەت.

**پێناسەی سەروەری لەڕووی دەستەواژە**

چەمکی سەروەری یەکێکە لەو چەمکانەی ڕاجیایی لەسەرە، بەشێوەیەك هەر بیرمەندێك و پسپۆڕێکی ئەو بوارە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەی دەکات.

فەیلەسووفی فەڕەنسی (ژان بۆدان *Jean Bodin*) لە پەرتووکەکەی (شەش کتێب بۆ کۆمار) پەرەی بە چەمکی سەروەری داوە، لە دیدی بۆداندا "دەسەڵاتی پادشا دەسەڵاتی سەروەری ڕەهایە و هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی بەسەرەوە نییە و شیاوی لێپرسینەوە نییە، جگە لە بەرپرسیاربوون بەرانبەر خودا"، (*Ramona Gabriela TĂTARAdela MOIȘI, 2022*)، ئەم پێناسەکردنەی چەمکی سەروەری لەلایەن ژان بۆدان بوە هۆی هاتنەکایەی واتایەکی نوێ علمانی بۆ چەمکی سەروەری دابڕاندنی چەمکەکە لە دەسەڵاتی کەنیسە، چونکە دوای مردنی پادشا، دەسەڵاتی سەروەر بۆ جێنشینەکەی بە میرات دەمایەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بیرمەندی هۆڵەندی (هوگۆ گرۆسیۆس- *Hugo Grotius*) (١٥٨٣-١٦٤٥) پێناسەی سەروەری دەکات بە "دەسەڵاتی ئەخلاقی دەوڵەتێک بۆ حوکمڕانی" (محمد عبد المعز نصر، ١٩٨١،ل٤١٥).

فەیلەسووفی ئینگلیزی (توماس هوبز- *THOMAS HOBBES* ) پێناسەی سەروەری دەکات بەوەی "بریتییە لە دەسەڵاتێکی ڕەها، بێسنوور و یەکگرتوو کە لە ڕێگای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە لەلایەن خەڵکەوە دراوە بە فەرمانڕەوا بۆ دەربازبوون لە "دۆخی سروشتی" کە پڕە لە ناسەقامگیری و شەڕ، سەروەری دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا، بەبێ هیچ سنووردارییەک، تاوەکو بتوانێت ئاسایش و ژیانی هاوڵاتیان بپارێزێت"، (*THOMAS HOBBES: "LEVIATHAN, 1998*)، هۆکاری ئەم پێناسەکردنە و بەخشینی دەسەڵاتی ڕەها بە دەوڵەت لەلایەن هۆبز بۆ تێڕوانینی نەرێنی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، چونکە هۆبز لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی بەریتانیا و بوونی دەسەڵاتێکی خاوەنی سەروەری بە گرنگ زانیوە بۆ کۆنترۆڵکردنی شەڕ و ناکۆکی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات.

لەلایەکی دیکەوە؛ فەیلەسووفی فەڕەنسی-سویسری (ژان ژاك ڕۆسۆ- Jean Jacques Rousseau) پێناسەی سەروەری دەکات بەوە "بریتییە لە ئیرادەی گشتی کۆمەڵگە، کە بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی هاتۆتەکایەوە و ئیرادەی زۆرینە گەڵ پێکدەهێنێت" (نورالدین حاروش، ٢٠٠٩، ل٣١٥)، ئەم ناساندنەی ڕۆسۆ ئەوە دەگەیەنێت کە، هاتنەکایەی کۆمەڵگەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی و ئازادی، بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە کە سەرجەم ئیرادە ئازادەکان لەسەری ڕێکەوتوون، ئەمەش دەبێتە فاکتەری کۆمەڵایەتی تاکەکەس لەناو گروپی سیاسیدا، بەم جۆرەش، پەیمانی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە یەکیەتی و یەکبوون بە ئامانجی پاراستنی هاوولاتیان و سەرومالیان، ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی بەگەڕخستنی هێزی گشتی کۆمەڵگەوە دێتەدی، ئەم هێزەش بریتییە لە ئیرادەی گشتی.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە؛ یاساناسی فەڕەنسی (لیۆ دوگی- *Léon Duguit*)پێناسەی سەروەری دەکات بەوەی سەروەری بریتیە لە "توانستی دەوڵەت بۆ ئەوەی بە سەربەستی هەڵسوکەوت بکات لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی یاسای نێودەڵەتی و پەیماننامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەبێ ئەوەی وابەستە و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی

تری بیانی بێت" (لیون دوگی ، ١٩٢١)، هەروەها لە سەدەی (١٩) زاینیی تیۆریست (جۆن ئۆستین-John Austin) لەو بڕوایەدابوو کە سەروەری لەسەر بنەمای بیرۆکەی یاسای سروشتی دامەزراوە، واتا "بوونی سەرکردەیەکی باڵا لە دەوڵەتدا کە گوێڕایەڵی کەس نییە، بەڵکو گوێڕایەڵی خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێت" و ئەم سەرکردەیەش سەروەرە لە کۆمەڵگەدا (ریمون حداد، ٢٠٠٠، ل٧٥).

لە دیدی توێژەرانی یاسای نێودەوڵەتی، سەروەری چەمکێکی یاسایی و سیاسی و جوگرافییە کە پەیوەندی بە بوونی دەوڵەتەوە هەیە وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و سەرەکیەکانی دروستبوونی دەوڵەتە تاکو بێبێت بە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (حسن النافعة، ٢٠١٨).

سەرەڕای ئەو پێناسە زۆرانەی کە زانایان بۆ چەمکی سەروەری پێشکەشیان کردووە، بەڵام زۆربەیان واتاکانیان لە یەکرتەوە نزیکە، کە هاوبەشی لە نێوانیاندا هەیە، بەگشتی بریتییە لە تێڕوانینی سەروەری وەک دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، جا ئەو دەسەڵاتە لە چوارچێوەی خاکەکەیدا بێت یان لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا، و بەم پێیەش سەروەری ئاماژەیە بۆ دوو مانا؛ یەکێکیان ئەرێنییە کە ئاماژەیە بۆ توانای دەوڵەت وەک یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ بە ئازادییەکی تەواوەوە و بەبێ هیچ سنووردارکردنێک کە بە سەریدا سەپێنراو بێت مامەڵە بکات، هەروەها ئەو سنووردارکردنانەی کە ئەم دەوڵەتە بە ئیختیاری تاکەکەسی یان بە ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی قبوڵیان دەکات و ئەوی دیکەش نەرێنی و لەسەر بنەمای ملکەچنەبوونی دەوڵەت بۆ هەر دەسەڵاتێکی تر جگە لە دەسەڵاتی خۆی.

دوای دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، چەمکی سەروەری جەخت لەسەر گرنگی و یەکسانی سەروەری لە پەیوندیە نێودەوڵەتیەکانی نێوان وڵاتان دەکاتەوە، لە هەمان کات ڕێگە دەدات بە کومەلگەی نێودەوڵەتی بۆ سنوردارکردن و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوەخۆیی وڵاتان بە بیانووی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. (حسین عبد، ٢٠٠٣)

یاسای نێودەوڵەتی پێناسەی سەروەری بەو دەسەڵاتە دەکات، کە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ دەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی لە سەر هەموو کەسەکان و سامانەکانیان و لەسەر هەموو ڕووداوەکانی لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا (فاطمة قوال، ٢٠١٢، ل١٨).

لەم پێناسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت چەمکی سەروەری دەوڵەت بەهۆی جیهانگیری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، دەوڵەتەکان زیاتر پێویستیان بە هاوکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هاوبەشەکان،لێکۆڵینەوەکان لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن، کە سەروەری جێگیر نییە، بەڵکو کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەرە، ئەمەش پێویستی بە شیکردنەوەی ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی و پاراستنی هەیە لە هەلومەرجی ئێستادا (مریم سلام احمد، ٢٠٢٤)

دادگای دادی نێودەوڵەتی لە (دۆسیەی گەرووی کۆرفو-Corfu Channel Case) لە ساڵی ١٩٤٩، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: دەڵێت سەروەری بە حوکمی زەرورەت بریتییە لە "دەسەڵاتی دەوڵەت لە سنووری خاکەکەی دەسەڵاتیکی تاکلایەنە و ڕەهایە و ڕێزگرتنی سەروەری هەرێمەکان لە نێوان دەوڵەتانی سەبەخۆ بە بناغەیەکی جەوهەری بناغەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت" (سهيل حسين الفتلاوى،٢٠٠٢، ل١٢٥).

کەواتە، دوای خستنەڕووی ئەم پێناسانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەویت کە سەروەری یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دروست بوونی دەوڵەت لە بەرانبەر هەردوو رەگەزەکەی دیکە، کە بریتین لە خاک و گەڵ، بەمانای ئەوەی دەوڵەت ئازاد و سەربەخۆیە لە پەیوەندییە


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

نێودەوڵەتییەکانیهەر بویە سەروەری بە گەورەترین و بەرزترین دەسەڵات دادەبرێت و هیچ دەسەڵاتێکی تر کۆتبەندی ناکات، جگە لەو دەسەڵاتەی کە دەوڵەت بە ئارەزووی خۆی پابەندکارییەکانی خستوتە ئەستوی خۆی وەک چونە ناو واژوو کردنی رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بۆ نمونە ئەندام بوون لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە ئەمەش وا دەکات سەروەری سنوردار بکریت و سزای یاسایی بدرێت لە کاتی پابەندنەبوونی دەوڵەت بە نۆرم و پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

**جۆرەکانی سەروەری**

جێگای باسە بیرمەندانی یاسا تا وەکو ئێستا کوك نین لە سەر دابەشکاریەکی دیاریکراو بۆ جۆرەکانی سەروەری، بۆیە هەریەکەوە لە گۆشەنیگایەک سەروەری دابەش دەکات، بۆ چەند جۆریک، هەروەک لە خوارەوە باسی دەکەین:

**دابەشکردنی سەروەری بۆ سەروەری دەرەکی و ناوخۆیی**

**١- سەروەری ناوخۆیی؛** سەروەری ناوخۆیی ئەو مافە بنەڕەتییەی دەوڵەتە کە بە ئازادانە دەتوانیت کاروباری ناوخۆی خۆی بەڕێوە ببات. ئەم جۆرە سەروەرییە خۆی لە چەند ڕەهەندێکدا دەبینێتەوە: کە بریتینە لە وەی دەوڵەت سەربەستە لە ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو تاک و دامەزراوەکانی سنووری خاکەکەیدا، لە ڕێگەی مومارەسەکردنی هەر سێ دەسەڵاتی سەرەکی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) بەبێ دەستوەردانی دەرەکی و بەشێوەیەکی سەربەخۆو ئازادانە ئەنجامی دەدات، (محمد نصر محمد، ٢٠١٢، ل٢٧٩)، سەروەری دەوڵەت ئەو دەسەڵاتە باڵا و ڕەهایەیە کە دەوڵەت بەسەر تەواوی خاک و دانیشتووانەکەیدا پەیڕەوی دەکات. بەبێ کێبڕکێ و دەستوەردانی دەرەکی مومارەسە دەکرێت، ئەم سەروەرییە دەوڵەت دەکاتە بڕیاردەری کۆتایی و باڵایە لەناو سنوورەکانیدا، بە شێوەیەک کە هیچ دەسەڵاتێکی دیکە ناتوانێت ڕکابەری بکات یان سنووردارکردنی بۆ دابنێت. (عبدالقادر بو غازي،٢٠٢٤، ل٢٤٧). ئەم جۆرە سەروەرییە جیادەکریتەوە، دوو خاسیەتی هەیە؛ کە بریتین:

**أ- گشگیری پسپۆری:** واتا هەموو ئەو کاروچالاکیانەی دەوڵەت ئەنجامی دەدات و پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی بەرەوپێشبردنی دەوڵەت، کەواتە پسپۆری گشتی دەسەڵات دەدات بە دەوڵەت کە هەڵبستێت بە ئەنجامدانی هەموو هەڵسوکەوتێکی دەستووری و یاسازیی و کارگێری و مەدەنی و دادوەری، کە ئەمەش خەسڵەتێکی دیارو ئاشکرای سەروەری ناوەخۆیی دەوڵەتە لە سەر سنوری جوگرافی خاکەکەی، کە شک و گومان لە ڕەوایەتی یاسایەکەی نییە لە چوارچێوەی یاسای نێودەڵەتی گشتی. (موساوی آمال، ٢٠١٢، ل١٥١).

**ب- سنورداری (حصريه):** ئەمەش واتا قەدەغەکردنی هیچ پسپۆرییەکی تر لە سنور و چوارچێوەی جوگرافی دەولەت جگە لەم رێکەوتنامەی دەوڵەت بە ئارەزوی خۆی پەسەندی کردوون، واتا هیچ دەسەلاتێکی تر پیادەی پسپۆریەکانی ناۆخۆی ناکات لە سەر هەرێمەکەی تەنها هەر سێ دەسەڵاتەکەی (جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری ) خۆی نەبێت. (موساوی آمال سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢)

**٢- سەروەری دەرەکی:** سەروەری دەرەکی دەوڵەت لە ئازادی تەواوی بڕیاردانیدا دەردەکەوێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، دەوڵەتی سەروەر بە تەواوەتی سەربەستە لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، بەبێ ئەوەی ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر بێت جا چ دەسەڵاتی وڵاتێکی دیکە بێت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، دەوڵەت دەسەڵاتی ڕەهای



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەیە بۆ؛ دیاریکردنی ئەولەویەتە دیپلۆماسییەکانی خۆی، بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی بکات، ئاڵوگۆڕکردنی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، واژۆکردن و کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بڕیاردان لەسەر پەیوەستبوون بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، بەشداریکردن لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆی، ئەم توانستە کە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی سەروەرییە، پێویستی بە تواناسازی دەوڵەت هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندییەکانی بە کاریگەرییەوە بەڕێوەببات و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکات لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا(محمد علي الحاج،٢٠١٩، ل١٦٩)، هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سەروەری ئەوەیە کە ئەم سەروەریە لە کەسانی ترەوە وەرنەگیراوە و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە. (عبدالقادر بو غازي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨).

**دابەشکردنی سەروەری بۆ سەروەری یاسای و سەروەری سیاسی**

أ- **سەروەری یاسایی:** مانای یاسایی بەستراوەتەوە بەو پرەنسیپانەی کە بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی دیاریکراون (ساحل مخلوف،٢٠١٥، ل٢٢٦_٢٤٤)، کە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانیاندا بەهرەمەند دەکات (سمير حمياز، ٢٠١٦، ل٤).

**ب_سەروەری سیاسی؛** زانا (ڕۆبەرت جاکسۆن) ئەم جۆرە سەروەرییە بە سەروەری ڕاستەقینەناو دەبات، بە ئەوەی کە گوزارشت لە توانای ڕاستەقینەی دەوڵەت دەکات بۆ درێژبوونەوە کاریگەری و کۆنترۆڵکردنی لە چوارچێوەی سنووری خاکەکەیدا، و ڕەتکردنەوەی ملکەچبوونی بۆ هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی بە وەستانەوە بەرامبەر هەموو جۆرە فشار و دەستوەردانێک سیاسی دەرەوەی و توانای ڕاستەقینەی خۆ دەرخستن لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی ئازاد و سەروەرانە (محمد طه بدوي، ١٩٧٢، ل٦٦).

لەم پێناسە و تایبەتمەندییە سیاسی و یاساییانەی سەروەری تێبینی دەکەین دەوڵەت سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر خاکەکەی و ئازادیی کارکردنی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، وە لە هەمان کاتدا دەوڵەت مافی ئەوەی نیە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر وەربدات؛ مانای سەروەری دەرەکی لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی گشتی سێ ماف لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە مافی یەکسانی، مافی سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنوسین. لە دیدی توێژەراندا؛ سەربەخۆی بریتییە لە مەزهەری دەرەکی نایەتە دەی لە بەر ئەوەی وادەکات کە دەوڵەت مافی ئەوەی هەبێت ئازاد و سەربەست بێت بەبێ هیچ دەست وەردانێکی بیانی، بەڵام مافی چارەی خۆنووسین سیمایەکی سەروەرییە لە بەر ئەوەی مانای مافی پیادەکردنی دەسەڵات دەداتە دەوڵەت لە سەر هەرێمەکەی و دەوڵەت لە پیادەکردنی سەروەری دەرەکی ملکەچی هیچ ویست و ئارەزوی هیچ کەسێک لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی نابێت، تەنها لە سنووری پابەندکاریی نێودەوڵەتیەکان نەبێت، ئەم جۆرەش ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نابێتە کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیدا، لەبەر ئەوەی دەوڵەت لە کاتی بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە ئارەزوویی و ویستی ئازادانە؛ خۆی ملکەچ کردووە وە پابەندییەتی خۆی پێوە دەبڕیوە" (د.محمد طلعت الغنيمى، ١٩٨٢، ل٣١٤).

ئەم دابەشکاریەی سەروەری پشت دەبەستێت بە پێگەی دەوڵەت لە ڕووی سەروەریەوە کە ئەمەش بریتین لە؛

**١-دەوڵەتانی خاوەن سەروەری تەواو**

دەشێت لەڕووی سەروەریەوە؛ دەوڵەتان بۆ دوو جۆری جیاواز پۆلێن بکرێن، دەوڵەتانی خاوەن سەروەری تەواوەتی، کە بریتین لەو دەوڵەتانەن کە لە کاروباری ناوخۆ یان دەرەکیدا لە ژێر چاودێری یان کۆنترۆڵی هیچ لایەن وڵاتێکی تردا نین، ئازادی ڕەهایان هەیە بۆ دامەزراندنی دەستووری خۆی یان دەستکاری کردنیان(د.سامي الطيب ادريس، ٢٠٢٤)

٢-دەوڵەتانی خاوەن سەروەری ناتەواو

دەوڵەتانەی خاوەن سەروەری ناتەواوەتی بریتین لەو دەوڵەتانەی، کاتێک توانای مامەڵە و پەیوەندییەکانیان سنوردار دەکرێت بەهۆی ملکەچبوونیان بە بارودۆخێکی دیارکراو، کە سەربەستیان لە کاروبارە دەرەکییەکاندا کۆتوبەند دەکات، تەنانەت هەندێک جار لە کاروباری ناوخۆشدا. ئەو دەوڵاتانەی خاوەنی سەروەری تەواوەتی نین؛ بریتین لەو دەوڵەتانەی کە ملکەچی سیستەمی چاودرێرین (ئینتیداب) یاخود ئەو دەوڵەتانەی لەژێر سیستەمی سەرپەرشتیاریدان، یانیش ئەو دەوڵەتانەی پاشکۆی دەوڵەتانی ترن. هەروەها ئەو دەوڵەتانەی دەکەون ژێر باری داگیرکردنەوە لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە دەگرێتەوە، ئەو دەوڵەتانەی لەژێر باری بێلایەنی هەمیشەییدان، واتا لەڕووی سەربازییەوە بۆیان نییە هیچ جۆرە چالاکییەک ئەنجام بدەن. (د.سامي الطيب ادريس، ٢٠٢٤)، لێرەدا چەمکی سەروەری دەوڵەتان بەسەر خاکەکاندا بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرنگە، چونکە توانای دەوڵەتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی خاکەکەی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بەبێ دەستوەردانی دەرەکی پێناسە دەکات. دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم چەمکە پەرەی سەند و گرێدرا بە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان کە بەکارهێنانی هێز قەدەغە دەکەن و جەخت لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکەنەوە لەگەڵ زیادبوونی دیاردەی جیهانگیری، چەمکی سەروەری ڕووبەڕووی چەندین ئالەنگاری دەبێتەوە، چونکە ڕێککەوتن و پابەندبوونە بازرگانییەکان لەبەردەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان لەسەرتوانای دەوڵەتان هەیە بۆ بڕیاردانی سەروەری (د.عبدعلي محمد سوادي و وسام عيسي رحم، ٢٠٢٢).

بناغەی یاسایی سەروەری دەوڵەت

سەروەری بە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی پێکهێنانی دەوڵەت دادەنرێت وە بە کۆڵەکەی سەرەکی و بنەرەتی سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ هەژمار دەکرێت، هەر لە دروست بوونی دەوڵەتی نوی لە سەدەی شانزەهەم زانایان هەوڵی دانانی بناغە و بنچینەیکی یاسایان داوە، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەلدانی چەندین تێور کە باس لە بناغەی یاسایی دەکات وەک لە خوارەوە دەیخینەروو؛

تیۆرییە بنچینەییەکانی سەروەری بە گشتی ئەو چوارچێوە فیکرییە پێکدەهێنن کە سروشتی دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەتدا و سەرچاوەی شەرعیەتەکەی ڕوون دەکەنەوە کە بریتین لە:

**تیۆری سەروەری ڕەها**

هەندێک لە زانایان دەڵێن سەروەری زاراوەیەکی یاساییە کە گوزارشت لە کوالیتی ئەو کەسە دەکات کە دەسەڵاتی هەیە و ئەو دەسەڵاتە تەنها لە خۆیەوە وەردەگرێت و کەسی تر لەگەڵیدا هاوبەشی ناکات. سەروەری زاراوەیەکی گشتگیرترە لە دەسەڵات، بەو پێیەی دەسەڵات جگە لە پراکتیزەکردنی سەروەری هیچی تر نییە(اميرة حناشي، ٢٠٠٨، ص ١٧)، هەندێک لە زانایان دەڵێن بیرۆکەی سەروەری ڕەها ، لە ناوخۆ و دەرەوە، بێ مەرج دەسەڵاتەکانی پاشا بە

هیچ سنوورێک سنووردار نەبوون و پابەند نەبوون بە هیچ پابەندبوونێکی یاساییەوە(عصام العطية،٢٠١٢، ص٢٠٤)

بیرۆکەی سەروەری لە سەر چەمکێکی یاسایی و سیاسی دامەزراوە،(محمد طلعت النعيمي،١٩٨٢ ص ٣١٨_٣١٩)کە ئەوە بووتە هۆی سەرلێشێواویک لە نێوان زوربەی فەقێیەکان، بۆیە ئەم تێوریە بۆتە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکان بە لە بەر چاوگرتنی بوون بە دەوڵەتی مۆدێرن.

دەوڵەت تاکە دەسەڵاتدارە کە مافی بەکارهێنانی زۆرەملێ و چەوساندنەوەی هەیە،  هیچ ڕێکخراوە یان تاکێکی تر ناتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی زۆرەملێ بەکاربهێنێت، دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر تەواوی ئەو خاکەی کە سنوورە سیاسییەکانی پێکدەهێنێت، وە هەروەها دەوڵەت دەسەڵاتی هەیە بەسەر تەواوی ئەو کەسانەی کە لەو خاکەدا دەژین،  ئەم دەسەڵاتە پێویستی بە پشتگیری یاسایی و ناسینەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم بۆچونە بنەڕەتی تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن دروستدەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن دەوڵەت لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیاوازە(طلال العيسى، ٢٠١٠، ص ٥١)

بیرمەندیکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە سەروەری بە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە پێناسە دەکرێت کە لە چوارچێوەی خاکی جوگرافیای خۆیدا ڕووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە، و هەروەها ئەو دەسەڵاتە لە دەرەوەی وڵات ڕووبەڕووی دەوڵەتانی دیکە دەبێتەوە، یەکێک لە مەرجەکانی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە کە ئاماژە بۆ کردارەکانی دەوڵەت لە کاروبارەکانی جۆراوجۆردا یەک ئیرادە بێت و ئەم ئیرادەیە لە لایەن ئەو دەستەیە دەردەبڕدرێت کە لە هەر دەوڵەتێکدا بە پێی سیستەمی سیاسی خۆی حوکمڕانی لە ئەستۆ دەگرێت، لەسەر ئەم بنەمایە سەروەری بە دەسەڵاتێکی ڕەها دادەنرێت کە دەوڵەت لە پراکتیکەکانیدا لە ئیرادە و ئارەزووەکانی خوی سنووردار ناکات (علي صادق ابو هيف، ١٩٩٨، ص ١٠٣)

تیۆریە رەها تیشک دەخاتە سەر دابەشنەبوون و بێ سنووردارکردنی سەروەری، و بە تەواوی لەلایەن دەوڵەت (یان فەرمانرەوا)وە قۆرخ دەکرێت، تۆماس هۆبس لە کتێبی "لیڤیاتان" (١٦٥١)دا، کە تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سەروەری ڕەها پێویستە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی، چەمکی سەروەری لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئاماژەیە بۆ مافی دەوڵەت بۆ ڕەتکردنەوەی دەستوەردانی دەرەکی، دەوڵەت لە کاتی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خۆیدا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی نییە، مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ گواستنەوەی سەروەری لە پاشاکانەوە بۆ گەڵ وەک سەرچاوەی دەسەڵات،  سەروەری دەوڵەت لە چەمکێکی نەرێنی وەک ڕەتکردنەوەی پابەندبوون بە دەسەڵاتی دەرەکی گۆڕاوە بۆ چەمکێکی ئەرێنی کە تێیدا دەوڵەت بە سەربەخۆیی کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی خۆی بەڕێوەدەبات، ئەم سەروەرییە دوو جۆرە: سەروەری شەرعی کە بە یاسا دامەزراوە و سەروەری ڕاستەقینە (دیفاکتۆ) کە بە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ دامەزراوە، هەروەها دوو لایەنی هەیە: لایەنی ناوخۆیی کە دەوڵەت تێیدا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهای شەرعییە بەسەر هەموو تاکەکان و هەر سەرپێچییەک بە سزا دەگەیەنرێت، و لایەنی دەرەکی کە سەربەخۆیی لە دەستێوەردانی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبینێتەوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی زیادبوونی کارلێک و بەریەککەوتنی ئابووری نێوان دەوڵەتەکان، سەروەری دەوڵەتان سنووردارببووە، وەک ئەزموونی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨١ کە هەوڵی گۆڕینی سیاسەتی ئابووریی دا بەڵام ناچاربوو سیاسەتی هاوبەشی ئەورووپی پەیڕەو بکات لەبەر ڕۆیشتنی سەرمایە و دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی، ئەمەش جیاوازی لە نێوان

دەوڵەتی تەواو سەروەر و دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو دروست دەکات.(الشارف بن تالی ، ٢٠١٦، ص ١٩٠)

سەروەری دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ناوخۆییە کە بریتییە لە مومارەسەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر خاک و ڕەعیەتەکانیدا و جێبەجێکردنی یاساکانی بۆ هەموویان، ئەمەش بەو مانایەیە کە لەناو دەوڵەتدا هیچ دەسەڵاتێکی تر بوونی نییە کە لە دەسەڵاتی دەوڵەت بەهێزتر یان بەرزتر بێت. لایەنی دووەم دەرەکییە، کە ئەو دەسەڵاتە هەدەستێت بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا لە ژێر ڕۆشنایی یاسا ناوخۆییەکانی، ئازادیی بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی خۆی، ئازادیی لە دیاریکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، ئازادیی پەیماننامە لەگەڵ ئەوان و مافی ڕاگەیاندنی شەڕ یان بێلایەن مانەوەی،( خالد التومي، ٢٠١٩، ص ٥ وما بعدها)

**بیردوزی مافی خواوەندی راستەوخو نا راستەوخو**

پێش ئیسلام پاشاکان خۆیان بە خودا دەزانی و خەڵکیان دەکردە کۆیلە، ئیسلام ئەمەی ڕەتکردەوە و فەرمانڕەواکانی بەرپرسیار کرد، بەڵام ئەوروپا سەدەها ساڵ بە تیۆری مافی خواوەندی ڕاستەوخۆ باوەڕی هەبوو کە خودا ڕاستەوخۆ پاشاکان هەڵدەبژێرێت، بۆیە بەرپرسیار نەبوون، جۆن لۆک ئەم تیۆرەی ڕەتکردەوە.(د.عبدالرزاق حسن صالح زنگنە،٢٠١٨،ص ٣٧)،

**تیۆری مافی ناڕاستەوخۆی خودایی** دەڵێت کە خودا دەسەڵات ناڕاستەوخۆ دروستدەکات لە ڕێگەی ڕێنوێنیکردنی ڕووداوەکان، نەک بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی حاکمێکی دیاریکراو، سەرچاوەی دەسەڵات خودایە بەڵام شێوازی جێبەجێکردنی مرۆڤە، و هیچ جیاوازییەکی پلەیی نییە لە نێوان حاکم و خەڵک چونکە هەردووکیان دەبێت ملکەچی یاسای سروشتی بن، ئەم تیۆرە لە سەدەی ١٧-١٨ پشتگیری کرا، بەڵام ئەمڕۆ تەنها بەهای مێژوویی هەیە.(د.عبدالرزاق حسن صالح زنگنە، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٨)

**بیردوزی گریبەستی کومەلایەتی عقد اجتماعی**

جۆن لۆک باوەڕی وایە کە بەپێی تێۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ لە بنەڕەتدا ئازاد و یەکسانە، بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ڕێکوپێک، خەڵکی بە ئازادی ڕێککەوتنیان لەسەر ئەوە کردووە کە بەشێک لە مافەکانیان بدەنە دەستی حاکمێک کە بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا هەڵبگرێت، ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بنەمای دەسەڵاتە و واتای ئەوەیە کە حوکمڕانی ڕەها بوونی نییە، چونکە دەسەڵات لەسەر ڕەزامەندی گەڵ وەستاوە و فەرمانڕەوا پابەندە بە مەرجەکانی گرێبەستەکە، ئەگەر نا گەڵ مافی لابردنی هەیە، لۆک پشتگیری لە سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکات و جەخت دەکاتەوە کە یاساکان دەبێت گشتی بن و بۆ هەموو کەس پابەندکەر بن لەوانە حاکمەکان، هەروەها مافی گەڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری دەناسێتەوە، کە ئەم تێڕوانینانە کاریگەرییەکی قووڵیان هەبووە لەسەر دامەزراندنی دیموکراسی مۆدێرن و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە دوای شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا.( ثروت بدوي،١٩٦٧، ص ١٥٩_١٦٢) تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جۆن لۆک قووڵە، ناوبراو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی سیستەمی دیموکراسی لە دەوڵەتی مۆدێرن دادەنرێت و تیۆرییەکەی بنەمای جاڕنامەی ماف و ئازادییەکانی پێکهێنا کە لە دوای شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا دەرچوون.

ژان جاک رۆسۆ دەسەڵاتی ڕەهای حاکمی ڕەتدەکاتەوە و باوەڕی وایە کە کۆمەڵگا لەسەر گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە کە ئامانجی پاراستنی ئازادی و یەکسانی و مافەکانی تاکەکانە. بە بڕوای ڕۆسۆ، مرۆڤ لە دۆخی سروشتدا ئازاد و یەکسان بووە، بەڵام بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراو، تاکەکان بە دوو تایبەتمەندی گرێبەستیان لەگەڵ یەکتر بەستووە: یەکەم وەک تاکی سروشتی سەربەخۆ، و دووەم وەک ئەندامی یەکگرتووی کۆمەڵگەی سیاسی، واتە لایەنەکانی گرێبەستەکە هەم تاکەکانن بە تەنها و هەم کۆمەڵی هەمان تاکەکانن کە پێکەوە کۆمەڵگە پێکدەهێنن. بیرۆکەی سەرەکی ڕۆسۆ کە دەڵێت "یاسا دەربڕینی ئیرادەی گشتییە" کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا هەبوو و بووە هۆی پەسەندکردنی سەروەری پەرلەمان و سەروەری یاسا، چونکە پەرلەمانی هەڵبژێردراو نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی دەکات و یاساکان بۆ هەمووان بەیەکسانی پابەندکەرن، کە ئەم پرەنسیپە بە ڕوونی لە دەستووری فەرەنسای ساڵی ١٧٩١دا هاتبوو و دیاری دەکرد کە سەروەری تەنها بۆ یاسایە و حاکمیش تەنها بە ناوی یاساوە فەرمانڕەوایەتی دەکات.( ثروت بدوي،١٩٦٧، ص ١٧٠_١٨٠)

**بیردوزی سەروەری گەڵ (الشعب)**

تیروانینی زانایان بۆ سەروەری گەڵ ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتی سیاسی لە گەڵ هەلدەقولێت وە هەر گەڵ خوی خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەی حوکمرانیە لە دەوڵەت وە لە هەموو دام و دەزگای دەوڵەت رەوایەتی لە رەزامەندی گەڵ وەردەگرن، بە واتایەکی تر هەموو تاکەکان بەشدارن لە پشکێک لە هەموو ئەو پشکانەی کە لە کۆتاییدا سەروەری لێ پێک دێت،(عوض الليمون، ، ٢٠١٦، ص ٤١) ئەم تیۆرە ئەوەیە کە لە یەک کاتدا هەوڵی پاراستنی مافەکانی تاک لە بەرامبەر دەوڵەتدا دەدات و لە هەمان کاتیشدا سەروەری بێ سنووری دەوڵەت دادەمەزرێنێت، چونکە دەسەڵاتی دەوڵەت لە کۆی ئیرادەی هەموو تاکەکان هاتووە کە لە کۆمەڵگادان، واتە ناکرێت هەم تاک بەرامبەر دەوڵەت بپارێزرێت و هەم دەوڵەت ئیرادەی هەموو کۆمەڵگا بێت(د.عبدالرزاق حسن صالح زنگنه، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٠)

بنەمای فەلسەفی ئەم تیۆرە دەگەڕیتەوە بۆ پێشکەوتنی هزری لیبرالی و دیموکراسی کە وای هەژمار دەکات گەڵ سەرچاوەی رەوایەتیە نەوک پادشا یان ئەو دەستەی کە حوکمرانی دەوڵەت دەکات، لە رووی پراکتیزە کردنەوە دیموکراسی راستەوخۆ روونترین شێوازی کرداری سەروەری گەڵە کە لەو رێگەیەوە هاوڵاتیان راستەوخۆ بریار دەدەن یان لە راپرسیەکان، بەڵام بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە سەردەمی ئەمرۆ دیموکراسی ناراستەوخۆ سەروەری گەڵ پەیرو دەکرێت لە رێگای هەلبژاردنی نۆینەرانی ئەنجومەنەکان بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەت،(ساڵمانی سالم، ٢٠٢٠، ص٥٥٨-٥٧٧)

جێگای باسە سەرەرای لایەنی ئایەتی ئەم بیردوزە بەلام لایەنی نایەتی هەیە کە دەبیتە هۆی حوکمرانی زۆرینە بە سەر کەمینەکان لە دەوڵەت،(د.غالب بن علی عواجی،٢٠٠٦، ص ٨١٢)

بێ گومان سەروەری گەڵ جیاوازە لە گەڵ سەروەری نەتەوە کە دواتر ئەم جیاوازیە دەخینەروو لە گەڵ باس کردنی تیۆری سەروەری نەتەوە.

سەروەری نەتەوەیی، نەتەوە و قەوارەی یاسایی، بە باڵاتر لە تاکەکان ناناسێت بەڵکو بە مافێکی هاوبەش کە سەر بە هەموو هاووڵاتیانی پێگەیشتووی سیاسییە دەیزانێت،  بەپێی ئەم تیۆرە، هەر تاکێکی ئەندامی کۆمەڵگەی سیاسی پشکی خۆی لەم سەروەریە هەیە و دەتوانێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەوە بەشداری لە بەکارهێنانیدا

بکات. ئەم تیۆرە بنەمای یەکسانی سیاسی و گشتگیری مافی دەنگدان دادەمەزرێنێت، چونکە سەروەری جەماوەری لە کۆی ئیرادەی هەموو تاکەکان پێکدێت و دەبێت هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی مافی بەشداری لە بڕیاردانی سیاسیدا هەبێت، نەک تەنها گرووپێکی دیاریکراو یان نەتەوە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ(د. عثمان علي ميرانبک الرواندوزي. ٢٠٠٩، ص ١٩)

**بیردوزی سەروەری نەتەوە (الامة)**

